

# واتای عیشق

ماردین

بە هۆی ئەو تاقیکردنەوە جۆراوجۆرانە, جیاوازیەکانی عیشق لە هەردوو رەگەزی ژن وپیاودا بەدیار کەوتوون.بۆنموونە روون بۆتەوە کە ژنان لە عیشق دا زێتر گرینگی بە هاوڕێیایەتی وبەرژەوەندی هاوبەشی زیاتر دەدەن وزیاتر لە پیاوان لەمەڕ حەسادەتەوە رەنج دەکێشن وپێوەبەستراوی زیاتریان بۆ کەسی بەرانبەر هەیە.لە ژێرەوە ئیشارە بە جۆرەکانی عیشق دەدەین:

١ـ ئیرۆس(EROS): عیشقی شەهوانی ـ عیشق بە جوانی ـ جیا لە لۆژیك, عیشقێکی فیزیکی بە کە بەهۆی شوێنە سەرەنج راکێشەکانی جەستەوە ویا دەرکەوتەی بە شێوەیەکی فیزیکی دەردەکەوێ ـ عیشقێکە لە نیگای یەکەمدا ـ بە زوویی دەردەکەوێ بە زوویش کۆتایی پێ دێت.

٢ـ لۆدووس(LUDUS): عیشقی جۆراوجۆری ـ ئەم عیشقە زێتر پێوەندیدارە بە دەورانی مێرد منداڵی ـ عیـشقێکی رۆمانتیـك و زووتێپەڕـ لۆدووس دەرکەوتەی رووخساری عیشقە.زۆرایەتی سەبارەت بە کەسی بەرامبەر یا مەعشووق ـ یا وەك دەڵێن بردنە سەر ئاو وئاو نەدانە ـ و پێوەندیەکی درێژ ماوە لە گۆڕێدانیە.

٣ ـ فیلۆ(PHILO): عیشقی برایانەـ عیشقێ کە لەسەر پێوەندی دوولایەنـە بناغـەی دادەنرێـت, عیـشقێ کـە لەسـەر بناغـەی یەکگرتن و هاوکاریە وئامانجیشی دەست گەیشتن بە بەرژەوەندی هاوبەشە.

٤ ـ ئیستۆرگ(STORGE): عیشقی هاوڕێیانە ـ بەستراو بە رێزگرتن و دڵگرانی لەمەڕ بەرژەوەندی بەرانبەر ـ لەم عیشقەدا هاونشینی و هاودەمی زێتر دەردەکەوێت, گەرم و گووڕانە و پابەندانەیەو پێوەندیەکی درێژ ماوەیە و پایەدار و بەردەوام, بەدەر لە شەهوەت.

٥ـ پراگما(PRAGMA): عیشقێکی لۆجیکیە تایبەتە بە کەسانێك کە نیگەرانی ئەو بابەتەن ئایا کەسی بەرامبەر لە داهاتوودا دایك یا باوکێکی باش دەبێت بۆ منداڵەکانی؟! عیشقێك کە لەسەر بنەمای بەرژەوەنـدی دوور مـاوەی هاوبـەش دەبێـت.پابەنـد بـە بنەمای لۆجیکی و عەقڵ گەرایانە دەبێت, یەکگرتن بۆ ئامانج و بەرژەوەندیە هاوبەشەکان.

٦ـ مانیا(MANIA): عیشقێکی زێدەڕۆیانەو پاوان خوازانەیە, پێوەبەستراوی و حەسوودی بەرهەڤ کەر وشێت بوون بۆ مەعشووق زۆر جارانیش بەدەر لە هەستیە ـ لەدەرەوەی رازی بوون بۆ پێوەندی ، دوو دڵی دەمێنێ و دەتوانێ بگـۆڕێ بـۆ ئیحـساساتێکی لـە رادەبەدەر و زێدەڕۆ. عیشقێکی نەهامەتی درووست کەر و راڕایانەیە.

٧ـ ئاگیپ(AGAPE): عیشقێکی خواییە, عیشقێکی فیداکارانە ولە خۆبردوانەیە ـ جۆری هاوڕێیانە( مەیلی ئەنجامدانی کارێـك بۆ بەرامبەر بە بێ لەبەر چاوگرتنی پاداشت) و عیشقێکی گرانبەهایانەیە.

لێکۆڵەرەوان لەو بڕوایە دان کە ژنان زێتر بە لای عیشقەکانی پراگما و ئیستۆرگ ومانیـا و پیـاوانیش بـەلای لـۆدووس و ئـاروس دا دەشکێنەوە.